# ژیان لە کۆڵانەکەی ئێمەیە
# مەرگیش لەچەند کۆڵانێک لەولاتر

هیوا قادر



hiwa_kader_m@hotmail.com

ئەی مانگ،
من کوڕی تۆم،
من کوڕی بەتەنها جێماوی تۆم
لەسەر زەوی.

کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە
خاڵخاڵۆکەکان لە برینەکانمەوە ئەفرن،
لەگەڵ باڵکردنەوەی پەڕەسێلکەکانی ژێر سنگمدا
پاڵتاوە ڕەشەکەم و ملپێچە سوورەکەم با ئەیانبات،
ڕوتوقووت وەک سەر ڕووی پەنجەرەیەک
هەڵم لەجەستەم هەڵئەستێ و ئەڵێم:
ئەی مانگ،
من کوڕی تۆم،
من کوڕی بەتەنها جێماوی تۆم
لەسەر زەوی.

بین بە جامۆڵکەیەک ئاوەوە ئەنێم و
سنگم پڕ ئەبێت لە شینایی ئاسمان،
وەک ئاوێنەیەکی لەدەستکەوتووی کچێکی عاشق
کەخەیاڵی ماچێک لەگەڵ خۆی ئەبیات و نایهێنێتەوە
من ئاوا شل شل ئەکەومە سەر هەریزێکی تەڕ.
لێدانی بەپەلەی دڵی پۆلێک چۆلەکە دێتە ناو سنگمەوە،
دەمم پڕئەبێت لە جیکە جیک،
ئیدی تێدەگەم ماڵی خودا لەناو ووشەدایەو
ماڵی تەنهایی من لەسەر زەوی.

www.dengekan.com

تۆ لەناو خۆمدا دائەنیشێنم
بۆ ئەوەی بەلاتا تێپەڕیم بانگم کەیت،
نەبادا تەنهایی
بمکات بە بەچکە پشیلەی بەر پەنجەرەیەک،
تا ئەبەد بەڕووی وجودا بمیاوێنم و کەس گوێی لێنەبێت.
تۆ لەناو خۆمدا دائەنیشێنم
تا بەتاریکی نەچمە سەر گۆمێک
کەمەرگ تیایدا نووستووە.
تا بەتەنیا ئێواران لەدەریادا مەلەنەکەم
کاتێک کە مانگ بەئاسمانەوە سەیری تەنهایی من ئەکات
و
من هەر بانگی ئەکەم و ئەو گوێی لێنییە.

ئەی مانگ
مەنفا ڕاکردنە بەپێی خۆت بۆسەر خاچ
بۆ ئەوەی لەسەر هیچ زەوییەک نەمریت
کە نیشتمان جارێکی تر هی تۆ نییە.
من لە نێوان نیشتمان و مەنفادا
ماڵی ووشە هەڵئەبژێرم بۆ مردن،
بۆ ئەوەی هەمیشە قەبرێکم هەبێت لە کتێبێکدا لێینووسرابێت:
ئەی مانگ
من کوڕی تۆم
من کوڕی بەتەنها جێماوی تۆم
لەسەر زەوی.